# "جەیمز جۆیس" ی شاعیر

**وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی**

جەیمزجۆیس، ڕۆمان نووسی ناوداری ئیرلەندی (١٨٨٢-١٩٤١)، بە بۆچوونی 'سەلمان ڕوشدی' گەورەترین ڕۆماننوسی سەدەی بیستەمە. بەڵام جۆیس جاروبارە شیعریشی گوتووە و کۆمەڵەی ٥١ پارچە شیعری لە بەرگێکدا بڵاو بۆتەوە *. من ماوەیەک خەریکی وەرگێڕانی شیعرەکان بووم بۆ سەر زمانی کوردی و هەندێکیشیانم ئامادە کرد، بەڵام دواتر وازم لێ هێنان و هۆکارەکەشی ئەو ڕاستییە بوو کە من شاعیر نیم و وەرگێڕانی شیعر ئەگەر هەر بەگشتی گونجاویش بێت، کاری شاعیران خۆیانە و بۆ خەڵکانی ناشاعیری وەک من لەکردن نایەت.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، جێگەی خاڵیی شیعری وەرگێراوی لە ئەدەبی کوردی و گرنگایەتی ناسینی جەیمزجۆیس بۆ خوێنەری کورد، هێنامیە سەر درێژەی کارەکە و بڵاوکردنەوەیان. گەرچی هەوڵی تەواوم بۆ راست ودروستیی وەرگێراوەکان داوە، لام وایە باشتر بێت کە خوێنەر تەرجەمەکانی من زۆر بە هەند وەرنەگرن و لە دواڕۆژدا کەسانی شارەزا وەرگێراوی بەمتمانەتری شیعرەکان ئامادە بکەن.



*هەیکەلی جەیمز جۆیس لە سەر شەقامی ئێرڵی باکووری، لە شاری دۆبلین.*
*لە ویکیپێدیا وەرگیراوە.*

وا کارەکە بە بڵاو کردنەوەی پارچەشیعرێک دەست پێدەکەم کە جەیمز جۆیس لە ساڵی ١٩٣١ بە بۆنەی لەدایکبوونی 'ستێپن' ی کوڕەزا و مردنی باوکی خۆیەوە گوتوویەتی و بیرێکی قووڵی فەلسەفی لەمەڕ چییەتی ژیان و مەرگ تێیدا شەوق دەداتەوە:

---

- *The Works of James Joyce, with an Introduction by Michael Patrick Gillespie and Bibliography, Wordsworth Poetry Library, United Kingdom, 1995*

*من کتێبەکەم لە شاری دۆبلین و دوای سەردانی ماڵی جەیمزجۆیس کڕی کە ئێستا وەک شوێنەوارێکی فەرهەنگی پارێزراوە و خەڵک دەچنە دیتنی. لام وایە ئەو کارانەی وا بۆ پاراستنی ناوی هونەرمەندانی نەتەوەیی لە ئیرلەندە کراون دەتوانن ببنە نموونەیەکی باش بۆ ئێمەی کورد لە کوردستان. ئەوان نەک هەر ماڵی کەسانی وەک جەیمز جۆیس و جۆرج بێرناردشاویان پاراستووە و کردوویاننەتە شوێنەوارێک بۆ گەڕۆکی فەرهەنگی، بەڵکوو خانووبەرەیەکیشیان ناو ناوە "ماڵی نووسەران" و تەرخانی ئەو نووسەر و شاعیرانەیان کردووە، کە کەمتر ناسراون و واهەیە گونجاو نەبووبێت ماڵێک تەرخانی تاقەتاقەیان بکەن یا ئەگەر بیانکردایە سەردانیکەری زۆریان نەبوایە. لەو ماڵانەدا کەرەسەی ژیانی هونەرمەندەکان و ئاسەواری فەرهەنگییان هاوڕێ لەگەڵ وێنە و فیلم و تۆماری دەنگ وبەگشتی هەرشتێکی پەیوەندیدار بەوان پارێزراون و زانیاری زۆریش لەسەر ژیان و کارەکانیان بە شێوای جۆربەجۆر ئاراستە کراوە.*

**ECCE PUER**

لە ڕابردووی نادیارەوە
منداڵێک دێتە جیهان
دڵم بە شادی و خەم
لەبەریەک دەچێت

ژیان بە هێمنی
لەبێشکەیەکدا ڕاکشاوە
ئەوین و بەزەیی من
چاوی پێ دەکەنەوە

ژیانی ساوایی
لەسەر شووشەی پەنجەرە هەناسە دەکێشێت و
جیهانی تێنەپەڕیش
ئێستا تێدەپەڕێت

منداڵێک خەوتووە و
پیاوێکی پیر لەدەست چووە
هۆ باوکی لەدەست چووم!
کوڕەکەت ببوورە.

---

*عینوانی شیعرەکە بە ئینگلیزی نییە و بە لاتینیی نووسراوە، منیش وەک خۆیم هێشتەوە. عینوانەکە لە ئینجیل وەرگیراوە و ئاماژەیە بە چارەنووسی عیسای مەسیح. واتای ووشەکانی دەبێتە "ئەوەتا ترسەکە" لە بەرانبەر "ئەوەتا مرۆڤەکە"ی ئینجیلدا.*

(2)

**مۆسیقای ناو ژوور***

تەل لە ئاسمان و زەوی
مۆسیقای بەتام دەژەنن
تەلی لێواری ڕووبار – ئەوشوێنەی وا
شۆڕەبییەکان لق وپۆپیان پێکەوە دەنێن

بەدرێژایی لێواری ڕووبار، مۆسیقایە
لەبەر ئەوەی گراویی من لەوێ پیاسە دەکات
گوڵی کاڵ بەسەر باڵاپۆشیەوە و
گەڵای تۆخیش بە زوڵفەکانیەوە

هەموو بە هێمنی مۆسیقا دەژەنن
سەریان بۆ مۆسیقا شۆڕکردۆتەوە و
پەنجەیان بەسەر ئامێرەکانەوە
دەبزوێنن.

---

*جۆیس ئەویندارێکی گەورەو گرانی شاری دۆبلین بوو. دەگوترێت لە ماوەی ژیانی لە شارە، نزیکەی ٤٠ ماڵی گۆڕیبێت. کتێبی "ئۆلیسە" ی جۆیس باسی شاری دوبلینە و پێشوازییەکە لە ئۆدیسەی هومێر، کە ئەویش ئەوینێکی لەبن نەهاتووی بۆ شاری ئەثینای پێتەختی یۆنان هەبوو. شیعرەکە ئاماژەی بەو مۆسیقاژەنە گەڕۆکانە کردوە کە لە لێوار ڕووباری "لایفی" ناوەڕاستی شاری دۆبلین بۆئەو خەڵکانە مۆسیقا دەژەنن وا ئێواران پیاسەی لێدەکەن. لە ئەوروپا بەو مۆسیقاژەنە گەڕۆکانە دەڵێن "باسکرز".*



*وێنەی ڕووباری لایفی و لێوارەکەی.     لە ویکیپێدیا وەرگیراوە*

*جەیمز جۆیس" ی شاعیر"*

*وەرگێرانی ئەنوەر سوڵتانی*

(3)

**شەبەق**
له ڕەنگی یاقووتەوە
دەبێتە شینێکی تۆخ و تۆختر
گڵۆپەکان
داری سەر شەقام
تژی شەوقێکی سەوزی کاڵ دەکەن

پیانۆ کۆنەکە
هەوایەکی هێمن و
شاد و لەسەرخۆ لێدەدات
گراوییەکەم
دادەنەوێتە سەر کلیلە زەردەکانی پیانۆ و
سەری بەرەو ئەملا وەردەسووڕێت

بیری شەرمێون و
چاوی گەورەی تژی خەفەتی
لەگەڵ سووڕانی پەنجەکان
بەهەموولایەکدا دەگەڕێن
شەبەق
به چرا یاقووتییەکانەوە
وەردەگەڕێتە سەر شینێکی تۆخ.

(4)

ئەوکاتەی وا
هەمووشت لە حەسانەوەدایە،
ئەی ئەوکەسەی وا
بەتەنیایی چاوت لە ئاسمان بڕیوە
گەلۆ
گوێت لە بای شەو و هەناسەی
ئەو هارپانە هەیە
کە ئاوازی ئەوین
بەگوێی دەروازە بێڕەنگەکانی ڕۆژئاوادا
دەچرپێنن؟

کاتێ کە هەمووشت لە حەسانەوەدایە،
گەلۆ تۆ
بێ خەو ماویەتەوە
بۆئەوەی گوێت لەدەنگی ئەو هارپانە بێت
کە بۆ گراویی و
لەبەردەمی ئەو و
لەسەرڕێگای ئەودا
لێدەدرێن و
بای شەویش بە سروودە ئایینییەکانی
وەڵامیان دەداتەوە
تا شەو تێپەڕ دەبێت؟

بژەنن!
ئای هارپە دوورەچاوەکان،
هەوای ئەوین بژەنن!
ئەوینێک کە ڕێبازی لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە
ئەو کاتەی وا تیشکی بلاوێن
دێن ودەچن،
مۆسیقایەکی نەرم و شیرین
بە ئاسمانی ژوورسەرمان و
خوارەوەتر
بە سەر زەویشدا،
باڵ دەکێشێت.

(5)

کاتێ کە ئەستێرەی شەرمێون لە ئاسمانان دەردەکەون
بە شێوازێکی کچانە و ناشاد
تەنانەت لە خەویشدا گوێت لەوکەسە بێت
کە لەبەر دەرگای ماڵەکەت گۆرانی دەچڕێت
گۆرانییەک لە شەونم نەرم ونیانتر
هەر خۆیشی دێتە چاوپێکەوتنت

ئای، لەوەزیاتر خۆت مەدە دەست خەیاڵ
کاتێ کە ئەو لەشەودا دێت
بیر لەوە مەکەوە کە بڵێیت: ئەوچڕگەرە کێیە
وا گۆرانییەکەی لەوانەیە دڵم دابخات
گراویی، کە تۆ بەوەوە دەناسێت،
بەگۆرانی دەڵێت
ئەوە منم بوومەتە میوانت.

(6)

سەرت لەپەنجەرە بێنەدەر
ئەی قژت وەک ئاڵتوون
گوێم لێبوو گۆرانیت دەگوت
چ فەزایەکی شادمان!

کتێبەکەم پێوەدرابوو
بەهۆی تەماشای سەمای ئاگرەوە
هیچی ترم نەخوێندەوە
لەسەر تەختی زەوی

وا کتێبەکەم بەجێ هێشتووە و
ژوورەکەشم بەجێ هێشتووە
هەربۆیەش گوێم لێبوو
تۆ لەناو تەم ودوومانداا گۆرانیت دەچری

گۆرانی، گۆرانی
لە فەزایەکی تژیی شادیدا
سەرت لە پەنجەرە بێنەدەر
ئەی قژت وەک ئاڵتوون!

(7)

من لەوباوەشە شیرینەدابوایەم
(ئۆف، چ شیرین و ڕازاوەیە)
ئەوشوێنەی وا هیچ بایەکی ناسازگار لێی نەدەدام،
من بۆ پەناگەی تەنگانەی ناخۆش
لەوباوەشە شیرینەدا بوایەم

بۆ هەمیشە لەناو ئەو دڵەدا بوایەم
(ئۆف، چ شیرین و نەرم ونیانە لێدانەکەی و چ نەرم ونیانە تکالێکردنی!)
شوێنێک کە بەشم تێیدا تەنیا هێمنایەتی بوایە
ئەودەم تەنگانەش هەمووی شیرین دەبوون و
هەربۆیەش من هەمیشە لەودڵەدا دەبووم.

(8)

وا گراوییەکەم، کراسێکی تەنک لەبەر
لەناو دارسێوەکاندایە
- ئەوشوێنەی وا بای شادمان
دەیەوێت ڕووی تێبکات
بۆئەوەی شان بەشانی یەکتر بڕۆن

لەوێ، لەوشوێنەی وا بای شادمان دەوەستن
بۆ خوازبێنی کردنی بۆنی گەڵای تازە،
گراوییەکەی من هێمن بەڕێدا دەڕوات و
لەسەر چیمەنەکان، دەنووشتێتەوە سەر سێبەرەکەی خۆی

لەو شوێنەش کە ئاسمان
بەسەر زەویی دەم بەپێکەنینەوە
فنجانێکی شینی کاڵە،
گراوییەکەی من بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدەبڕێت و
کراسەکەی خۆی بە دەستێکی دەناسک گرتووە.

ئەوە کێیە بە ناو دارستانی سەوزدا دەڕوات و
هەڵکێش وداکێشی دەریا دەپرازێنێتەوە؟
کێیە بەناو دارستانی سەوزی گەشدا دەڕوات
بۆئەوەی گەشتری بکات؟

کێیە لەبەر تریفەی هەتاو
ئەوڕێگایانە دەبڕێت کە ترپەی پێی دەناسن؟
کێیە بەبەر تریفەی جوانی هەتاودا
بەهەڵس وکەوتی کچانەوە تێدەپەڕێت؟

ڕێگای هەموو دارستانەکان
بە ئاگرێکی نەرم و زێڕین دەدرەوشێنەوە
هەموو ئەو دارستانە بەرخۆرەتاوانە
کراسی ڕازاوە بۆکێ لەبەر دەکەن؟

ئۆف، ئەوە بۆ گراویی ڕاستەقینەی منە
کە دارستان بەرگێ ڕازاوە دەپۆشێت
ئۆف، ئەوە بۆ گراویی ڕاستەقینەی خودی خۆمە
کە بەو ڕادەیە جحێڵ و لەبەردڵانە.

(10)

بای جۆزەردان بەسەر دەریاوە سەمایەتی
بەشادی، لە شیوێکەوە بۆ شیوێک
ئاڵقەی هەڵپەڕکێی بەستووە
لەکاتێکدا کەفی سەرئاوی دەریاکان
قەڵبەز دەبەستن بۆئەوەی
تاجەگوڵینەی لەسەر دابنێن.
گەلۆ لەناو تاقی زێوینی هەتاودا
گراوییەکەی منتان لە شوێنێک بەچاو کرد؟
مخابن، مخابن بۆ بای مانگی جۆزەردان!
گراویی خەفەتبار دەبێت
ئەگەر ئەوین دوورەپەرێز ڕابوەستێت!